**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٨٩٧ لە ٢٠٢٠/٤/١٠**

**بەیانی ژمارە (٢٦) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٢٥،٢٤،٢٣،٢٢،٢١،٢٠،١٩،١٨،١٧،١٦،١٥،١٤،١٣،١٢،١١،١٠،٨،٦،٥،٣)ی تایبەت بەرێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و پاڵپشت بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٤٥٠١) لە ٢٠٢٠/٣/٢٩و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:-** درێژکردنەوەی ڕاگرتنی هاتووچۆ لە تەواوی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان و گشت یەکە کارگێرییەکانیان تا٢٠٢٠/٤/١٦ کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو ، و هەر شوفێرێك سەرپێچی بکات بەپێی بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ سزا دەدرێت.

**دووەم:-** هاتووچۆی پیادە قەدەغەیە جگە لەحاڵەتی دابین کردنی پێداویستی ڕۆژانە و حاڵەتی نەخۆشی ، و ئەوانەی سەرپێچی دەکەن رێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

**سێیەم:-** هاتووچۆکردنی ئاژانس و رێکخراوەکانی (UN) ورێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وهاوپەیمانان و دیبلۆماتکاران رێگە پێدراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.

**چوارەم:-** لە کاتژمێر (٦:٠٠)ی ئێوارە تا (١٢:٠٠)ی شەو قەدەغەی هاتووچۆ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت و تەنها رێگە دەدرێت بە هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنییەکان و تیمە تەندروستیەکان و ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس ئەوانەی لە ئەرکی فەرمیدان وئەوانەی لە برگی ( سێیەم ) دیاری کراون.

**پێنجەم:**ئالۆگوری بازرگانی بەپێی ئەورێنماییانەی کەپێشووتر بڕیاریان لەسەردراوە بەردەوام دەبێت

**شەشەم:-** دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگا و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ئەو خشتانەی کە پێشنیاریان کردووە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی ئێوارە بە مەبەستی رێگەپێدان بە کردنەوەی ئەو شوێنە خزمەت گوزارییانەی کە پێویستن بۆ هاووڵاتیان و کەرتی کشتوکاڵ و هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلە خزمەت گوزارییەکان بەپێی پێویست.

**حەفتەم:-** لیژنەکانی پێکهێنراو بەپێی بەیانی ژمارە (٢١) بەردەوام دەبێت بە سەرۆکایەتی قائیمقامی قەزاکان و ئەندامێتی نوێنەرانی پۆلیس و ئاسایش پێك دێت بۆ پێدانی رێگەپێدان لە حاڵەتی زۆر پێویست لەسنووری هەر پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ بەپێی ئەو فورمەی پێشتر بە بەیانی سەرەوە کاری پێکراوە .

**هەشتەم:-** ئەم رێگە پێدانانەی خوارەوە لە لایەن وەزارەتی ناوخو / بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان دەدرێت :

- ڕێگەپێدانی کۆمپانیا نەوتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەبێت.
- ڕێگەپێدانی کۆمپانیای پەیوەندییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن.
- ڕێگەپێدانی نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە ڕەزامەندی و هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت بەپێی ئەو سیستەمە ئەلکترونیەی کەپێش دەرچوونی ئەم بەیانە کاری پێ کراوە.

**نۆیەم:-** هاتووچۆ لە نیوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە هەموو شێوەیەك ڕادەگیرێت ، و لە حاڵەتی زۆر پێویست بەپێی ئەو میکانیزمەی لە بڕگەی هەشتەم / ٣ دیاری کراوە دەبێت.

**دەیەم :-** هەر کەسێك سەر بە هێزە ئەمنییەکانی ڕاسپێردراو بە جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی سەرەوە کەمتەرخەمی بنوێنێت لە جێبەجێ کردنی ئەم بەیانە لە کاتی ئەرکدا ، یان پێشێلی بکات ئەگەر لە ئەرکدا نەبێت بە (٥) ڕۆژ زیندانی سزا دەدرێت بە پێی ماددەی (٤٧ و ٤٨) لە یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٠٨.

**یانزدەیەم:-** هەر لێژنەیەك ڕێگەپێدانێك بدات بە بێ ئەوەی پێویست بێت ئەگەر ئەندامەکەی لەسەر ڕاژەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت بە هەمان بڕگەی سەرەوە سزا دەدرێت، و ئەگەر لەسەر ڕاژەی شارستانی بێت بەسزای سەرنج ڕاکێشان و دوور خستنەوە لەپۆستەکەی سزا دەدرێت.

**دوانزدەیەم:-** دەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان، باشماخ، حاجی ئومەران، ابراهیم خلیل، سەرزێری) و هەر دوو فرۆکەخانەی نیودەولەتی (هەولێر و سلێمانی) بە ڕووی گەشتیاران بە داخراوی دەمێننەوە و هیچ کەسێك بە بێ ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ ڕێگەی پێ نادرێت بگەرێتەوە هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دەرەوەی ووڵات بێت و لە کاتی گەرانەوەیان لە سنوری ئیداری ئەو دەروازە سنورییەی کە لێی دەگەرێنەوە کەرەنتین دەکرێن پاڵپشت بە ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی کە پێویستە گەراوەکان لەو شوێنە کەرەنتین بکرێن ، و جموجۆڵی بازرگانی لەو دەروازە سنورییانە بەردەوام دەبێت بەپێی ئەو میکانیزمەی کە پێشتر بریاری لەسەر دراوە .

**سیانزدەیەم :-** ئەو خێزانانەی کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن و بە هۆی قەدەغەی هاتووچۆ لەیەك دابڕاون لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، ماوەی (٢٤) کاتژمێریان پێی دەدرێت لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٠٢٠/٤/١٠ تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٠٢٠/٤/١١ بگەرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان بە مەرجێك کارتی زانیاری ئەو پارێزگەیان هەبێت کە بۆی دەچن و لە بازگەکان پێویستە پێیان بێت و ئەم پرۆسەیە بەهەماهەنگی لەنێوان ژووری ئۆپەراسیونەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام دەدرێت.

**چواردەیەم:** ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٠٢٠/٤/١٠ جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٩٤٠ لە ٢٠٢٠/٤/١٠**

**بەیانی ژمارە (٢٧) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٢٦،٢٥،٢٤،٢٣،٢٢،٢١،٢٠،١٩،١٨،١٧،١٦،١٥،١٤،١٣،١٢،١١،١١،١٠،٨،٦،٥،٣)ی تایبەت بەرێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و پاڵپشت بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٤٦١١) لە ٢٠٢٠/٤/١٥ و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:-** درێژکردنەوەی ڕاگرتنی هاتووچۆ لە تەواوی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان و گشت یەکە کارگێرییەکانیان تا ٢٠٢٠/٤/٢٣ کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو ، و هەر شوفێرێك سەرپێچی بکات بەپێی بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ سزا دەدرێت.

**دووەم:-** هاتووچۆی پیادە قەدەغەیە جگە لە حاڵەتی دابین کردنی پێداویستی ڕۆژانە و حاڵەتی نەخۆشی ، و ئەوانەی سەرپێچی دەکەن رێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

**سێیەم:-** هاتووچۆکردنی ئاژانس و رێکخراوەکانی (UN) ورێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وهاوپەیمانان و دیبلۆماتکاران رێگە پێدراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.

**چوارەم:-** لە کاتژمێر (٦:٠٠)ی ئێوارە تا (١٢:٠٠)ی شەو قەدەغەی هاتووچۆ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت و تەنها رێگە دەدرێت بە هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنییەکان و تیمە تەندروستیەکان و ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس ئەوانەی لە ئەرکی فەرمیدان وئەوانەی لە بڕگەی ( سێیەم ) دیاری کراون.

**پێنجەم:-** ئالۆگوری بازرگانی بەپێی ئەو رێنماییانەی کە پێشووتر بڕیاریان لەسەر دراوە بەردەوام دەبێت.

**شەشەم:-** دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگا و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ئەو خشتانەی کە پێشنیاریان کردووە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی ئێوارە بە مەبەستی رێگەپێدان بە کردنەوەی ئەو شوێنە خزمەت گوزارییانەی کە پێویستن بۆ هاووڵاتیان و بە تایبەتی کەرتی کشتوکاڵ لەبەر ئەوەی وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمە کشتوکالیەکانە و هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلە خزمەت گوزارییەکان بە پێی پێویست.

**حەفتەم:-** هاتووچۆ لە نیوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە هەموو شێوەیەك ڕادەگیرێت، و لە حاڵەتی زۆر پێویست بەپێی ئەو میکانیزمەی لە بڕگەی هەشتەم دیاری کراوە دەبێت.

**هەشتەم:-** رێگەپێدان لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان وە لە ناو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە پێی سیستەمی رێگەپێدانی ئەلیکترونی دەبێت کە لەسەر وێب سایتی وەزارەتی ناوخۆ بە ناو نیشانی (moi.gov.krd) دانراوە و هاوولاتی دەتوانێت لە حاڵەتی زۆر پێویست داوای رێگەپێدان بکات بەپێی ئەو رێنماییانەی کە لەو سیستەمە دیاری کراوە، وە ئەم سیستەمە لە ٢٠٢٠/٤/١٨ کارا دەبێت.

**نۆیەم:-** هەر کەسێك سەر بە هێزە ئەمنییەکانی ڕاسپێردراو بە جێبەجێ کردنی رێکارەکانی سەرەوە کەمتەرخەمی بنوێنێت لە جێبەجێ کردنی برگەکانی ئەم بەیانە لە کاتی ئەرکدا ، یان پێشێلی بکات ئەگەر لە ئەرکدا نەبێت بەپێی یاسا سزا دەدرێت.

**دەیەم:-** دەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان، باشماخ، حاجی ئومەران، ابراهیم خلیل، سەرزێری) و هەر دوو فرۆکەخانەی نیودەولەتی (هەولێر و سلێمانی) بە ڕووی گەشتیاران بە داخراوی دەمێننەوە و هیچ کەسێك بەبێ ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ رێگەی پێ نادرێت بگەرێتەوە هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دەرەوەی وولات بێت و لە کاتی گەرانەوەیان لەو پارێزگایە یان ئیدارە سەبەخۆیەی کە لێی نیشتەجێیە کەرەنتین دەکرێت و پێویستە لەسەر ژووری ئۆپەراسیونەکان کە ئەو هاوڵاتیە لە سنوری نیشتەجێ یە گشت رێکارە تەندروستی و ئەمنییەکان بگرێتەبەر بۆ بردنەوەی ئەو هاووڵاتیانە لەو دەروازە سنورییەی کە لێی هاتوون بەمەبەستی کەرەنتین کردنیان بۆ ئەو ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دیاری کردووە.

**یانزدەیەم:-** ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ١٦-٢٠٢٠/٤/١٧ جێبەجێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥٩٩٠ لە ٢٠٢٠/٤/٢٣**

**بەیانی ژمارە (٢٨) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیـــانی ژمـــارە (٢٧،٢٦،٢٥،٢٤،٢٣،٢٢،٢١،٢٠،١٩،١٨،١٧،١٦،١٥،١٤،١٣،١٢،١١،١٠،٨،٦،٥،٣)ی تـــایبەت بەرێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و پاڵپشت بە نوسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە (٤٦١١) لە ٢٠٢٠/٤/١٥و لە پێنـاو پاراسـتنی ئاسایشـی تەندروسـتی هەرێمـی کوردسـتان ، بڕیارمانــدا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:-** درێژکردنەوەی ڕاگرتنی هاتووچۆ لەتەواوی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان وگشت یەکە کارگێرییەکانیان تا ٢٠٢٠/٥/١ کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو، وهەر شوفێرێك سەرپێچی بکات بەپێی بەیانی ژمارە (١٩ی ساڵی ٢٠٢٠ سزا دەدرێت

**دووەم:-** دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگا و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ئەو خشتانەی کە پێشنیاریان کردووە لەکاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی ئێوارە بەمەبەستی ڕێگەپێدان بە کردنەوەی ئەو شوێنە خزمەت گوزارییانەی کە پێویستن بۆ هاوڵاتیان و بە تایبەتی نانەواخانەکان کە بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز کراوە دەبن لە (١٢:٠٠)ی شەو تا (٦:٠٠)ی بەیانی و کەرتی کشتوکاڵ لەبەر ئەوەی وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمە کشتوکالیەکانە و هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلە خزمەت گوزارییەکان بەپێی پێویست.

**سێیەم:-** لە کاتژمێر (٦:٠٠)ی ئێوارە تا (١٢:٠٠)ی شەو قەدەغەی هاتووچۆ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت و تەنها ڕێگە دەدرێت بە هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنییەکان و تیمە تەندروستیەکان و ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس ئەوانەی لە ئەرکی فەرمیدان وئەوانەی لە بڕگەی ( شەشەم ) دیاری کراون.

**چوارەم:** ئالۆگوری بازرگانی بەپێی ئەورێنماییانەی کەپێشووتر بڕیاریان لەسەردراوە بەردەوام دەبێت

**پێنجەم:** ڕێگەپێدان لە نێوان پارێزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان بەپێـی سیسـتەمی ڕێگەپێـدانی ئەلیکترونـی بەردەوام دەبێت کە لەسەر وێب سایتی وەزارەتـی نـاوخۆ بە نـاو نیشـانی (moi.gov.krd) دانـراوە و هــاوڵاتی دەتوانێــت لە حــاڵەتی زۆر پێویســت و مەبەســتەکانی دەوام کردنــی فەرمــانبەران داوای ڕێگەپێدان بکەن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە لەو سیستەمە دیاری کراوە.

**شەشەم:-** هــاتووچۆکردنی ئــاژانس و ڕێکخراوەکــانی (UN) ورێکخـراوە نێودەوڵەتیەکـان وهاوپەیمانــان و دیپلۆماتکــاران ڕێــگە پێــدراوە لە سەرتاســەری هەرێمــی کوردســتان و فەرمــانگەی پەیوەنــدیەکانی دەرەوە رادەســپێردرێت بــۆ ئاســانکاری و پێــدانی ڕێــگە پێــدان بــۆ هــاتووچۆکردنی ڕێکخــراوە نێودەوڵەتیەکــان لە نێــوان پارێزگاکــان و ئیــدارە ســەربەخۆکان بە هەمــاهەنگی لەگەڵ ناوەنــدی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ JCC .

**حەفتەم:-** ڕێگەپێــدانی کۆمپانیاکــانی پەیوەنــدییەکان و کۆمپانیاکــانی نەوت لەلایەن وەزارەتــی نــاوخۆ/ بەڕێــوەبەرایەتی گشــتی دیــوان دەبێــت بەهەمــاهەنگی لەگەڵ وەزارەتــی گواســتنەوە وگەیانــدن و وەزارەتی سامانەسروشتیەکان .

**هەشتەم:-** هەر کەسێك سەر بە هێزە ئەمنییەکان یان ئەو هێزانەی ڕاسپێردراو بەجێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی سەرەوە کەمتەرخەمی بنوێنێت لە جێبەجێ کردنی ئەم بەیانە لە کاتی ئەرکدا ، یان پێشێلی بکات ئەگەر لە ئەرکدا نەبێت بەبەکار هێنانی ئۆتۆمبێل یان ناسنامەی سەربازی ، و کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی ئەوانەی لە ئەرکدا نین بەپێی یاسا سزا دەدرێن .

**نۆیەم:-** دەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان، باشماخ، حاجی ئومەران، ابراهیم خلیل، سەرزێری) و هەر دوو فرۆکەخانەی نیودەولەتی (هەولێر و سلێمانی) بە ڕووی گەشتیاران بە داخراوی دەمێننەوە و هیچ کەسێك بەبێ ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ رێگەی پێ نادرێت بگەرێتەوە هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دەرەوەی وولات بێت و لە کاتی گەرانەوەیان لەو پارێزگایە یان ئیدارە سەربەخۆیەی کە لێی نیشتەجێیە کەرەنتین دەکرێت و پێویستە لەسەر ژووری ئۆپەراسیونەکان کە ئەو هاوولاتیە لەسنوری نیشتەجێیە گشت رێکارە تەندروستی ئەمنییەکان بگرێتەبەر بۆ بردنەوەی ئەو هاوولاتیانە لەو دەروازە سنورییانە لێی هاتووە بەمەبەستی کەرەنتین کردنیان بۆ ئەو ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دیاری کردووە .

**دەیەم :-** دەروازەی سنووری سەیران بەن لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەکرێتەوە تەنها بۆ هاوردەکردنی سەوزە و میوە ، و پێویستە تیمی تەندروستی لەو دەروازەیە جێگیر بکرێت و گشت رێکارەکانی خۆپاراستن هاوشێوەی دەروازنکانی باشماخ و حاجی ئۆمەران بگیرێنەبەر .

**یانزدەیەم:-** ئەو هاوولاتیانەی دانیشتووی هەرێمی کوردستانن و لە پارێزگاکانی عێراق گیریان خواردووە بەهۆی قەدەغەی هاتووچۆ رێگایان پێ دەدرێت بگەرێنەوە هەرێمی کوردستان بە مەرجێك پشکنینی ڤایرۆسی کورونانیان بۆ بکرێت و تا دەرچوونی ئەنجامی پشکنین کەرەنیتن دەکرێن لەو پارێزگایە یان ئیدارە سەربەخۆیەی کە لێی نیشتەجێیە .

**دوانزدەیەم:-** ئاڵوگۆری ئەو هێزە ئەمنیانەی کە لە پارێزگاکانی عێراق ئەرک دەبینن و دانیشتووی هەرێمن بەم میکانیزمەی خوارەوە دەبێت :

١- ناردنی لیستی ناوەکان بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بەر لە (٤٨) کاتژمێر لە دەست پێکردنی پرۆسەی گۆرینیان .

٢- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ناوەکان رەوانەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکات بەمەبەستی رێکخستنی میکانیزمی ئاڵوگۆرکردنیان .

٣- ئەو هێزانەی لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ئاڵوگۆریان پێ دەکرێت ناوەکان رادەستی پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆ دەکرێت بەر لە (٢٤) کاتژمێر لە دەست پێ کردنی پرۆسەی گۆرینیان بەمەبەستی ناردنی بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ رێکخستنی میکانیزمی گۆرینیان .

**سیانزدەیەم:-** ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٣-٢٠٢٠/٤/٢٤ جێبەجێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٦٠١١ لە ٢٠٢٠/٤/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٢٩) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣،٥،٦،٨،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،١٥،١٦،١٧،١٨،١٩،٢٠،٢١،٢٢،٢٣،٢٤،٢٥،٢٦،٢٧،٢٨)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان و دوای هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی چەند ڕۆژی ڕابردوو ، بڕیارماندا بەدەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:**- وەزارەتی تەندروستی جەخت لەوە دەکاتەوە کە تا ئێستا مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایروسی کۆرۆنا بەردەوامە ، لەبەر ئەوە نابێت سەرۆك یان ئەندامانی ژووری ئۆپەراسیونەکان لێدوان بدەن بەرەو ساردکردنەوەی هاووڵاتیان لە جێبەجێکردنی کردنی ڕێنماییەکانی خۆپاراستن و هەر کەسێك بەو ئاراستەیە لێدوان بدات بەرپرسیار دەبێت.

**دووەم:**- کردنەوەی شوێنی خزمەت گوزاری و بازرگانی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە دراوە بە پارێزگارەکان و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان نابێت ببێتە ئەگەری کەمتەرخەمی لە ڕێکارەکانی خۆپاراستن.

**سێیەم:**- پێویستە لە هەر شوێنێك مەودای نێوان دوو کەس لە (١,٥) مەتر کەمتر نەبێت و دەمامك و پەنجەوانە بەکاربهێنرێت لە لایەن هاووڵاتیان و خاوەن شوێنە خزمەت گوزاری و بازرگانییەکان.

**چوارەم:**- پێویستە لەسەر ژووری ئۆپەراسیونەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەدواداچوونی تەواو بۆ جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی خۆپاراستن بکەن و هەر شوێنێك پابەند نەبێت دادەخرێت.

**پێنجەم:**- هاوڵاتیان ئاگادار دەکەین کە پابەندبن بە ڕێنماییەکانی خۆپاراستن بۆ ئەوەی ئەم دوخە بە یەکەوە تێپەڕێنین و ناچار نەبین دەست بکەینەوە بە داخستنی شوێنە خزمەت گوزارییەکان کە دەبنە هوکاری دروست کردنی مەترسی لەسەر تەندروستی گشتی .

**شەشەم:**- ژوورەکانی ئۆپەراسیۆن راپۆرتێك ئامادە دەکەن لەسەر ئاستی پابەندبوونی هاووڵاتیان بەرێنماییەکانی خۆپاراستن لە شوێنە گشتییەکان و لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ دەکەن.

**حەفتەم :**- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٦٠٢٣ لە ٢٠٢٠/٤/٢٨**

## بەیانی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٢٠

لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە:

**یەکەم:-** کردنەوەی هەر دوو دەروازەی سنوری (تەوێلە) لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە و دەروازەی سنوری (کێلێ) لە سنوری ئیدارەی راپەرین تەنها بۆ ئاڵۆگوری بازرگانی.

**دووەم:-** پێویستە گشت رێکارە تەندروستیەکان کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دەست نیشان کراوە پەیرەو بکرێت.

**سێیەم:-** هیچ گەشتیارێك رێگای پێ نادرێت لەو دوو دەروازە سنووریە گەشت بکات بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران یان بگەرێتەوە بە بێ رەزامەندی وەزیری ناوخۆ.

**چوارەم:-** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٦٠٧٢ لە ٢٠٢٠/٥/١**

**بەیانی ژمارە (٣١) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣,٥,٦,٨,١٠,١١,١٢,١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,١٨,١٩,٢٠,٢١,٢٢,٢٣,٢٤,٢٥,٢٦,٢٧,٢٨,٢٩)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و پاڵپشت بە نووسراوی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤٧١٤) لە ٢٠٢٠/٤/٣٠ و دوای تۆمارکردنی چەندین حالەتی تر بەهۆی پابەندنەبوونی هاوڵاتیان بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:-** درێژکردنەوەی ڕاگرتنی هاتووچۆ لە تەواوی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان و گشت یەکە کارگێرییەکانیان لە ٢٠٢٠/٥/٢ تا ٢٠٢٠/٥/١٠ کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو ، و هەر شوفێرێك سەرپێچی بکات بەپێی بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ سزا دەدرێت.

**دووەم:-** دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگا و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو تا (٧:٠٠)ی ئێوارە بە مەبەستی ڕێگەپێدان بە کردنەوەی ئەو شوێنە خزمەت گوزارییانەی کە پێویستن بۆ هاوڵاتیان بە تایبەتی نانەواخانەکان کە بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز کراوە دەبن لە (١٢:٠٠)ی شەو تا (٤:٠٠)ی بەیانی و کەرتی کشتوکاڵ لەبەر ئەوەی وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمە کشتوکالیەکانە و هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلە خزمەت گوزارییەکان بە پێی پێویست.

**سێیەم:-** لە کاتژمێر (٧:٠٠)ی ئێوارە تا (١٢:٠٠)ی شەو قەدەغەی هاتووچۆ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت و تەنها ڕێگە دەدرێت بە هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنییەکان و تیمە تەندروستیەکان و ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس ئەوانەی لە ئەرکی فەرمیدان و ئەوانەی لە بڕگەی (هەشتەم و سیانردەیەم) دیاری کراون.

**چوارەم:-** ئەم شوێنانە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە داخراوی دەمێننەوە:

یانە و هۆڵەکانی ئاهەنگی شەوانە، یانەکانی مەی خواردنەوە (باڕ)، کافتریا، نێرگەلەخانە، چایخانە، مەلەوانگە، گەرما و (حەمام)، سەنتەرەکانی لەش جوانی، یاریگاکانی وەرزشی گەڕەکەکان، هۆڵەکانی وەرزش، هۆڵەکانی بووک گواستنەوە، هۆڵەکانی بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، سەنتەرەکانی مەساج، گازینۆکان، کافتریا و ڕیستۆرانتی باخچەکان.

**پێنجەم:-** هەموو ئەو شوێنانە کە ڕەزامەندی کارکردنییان پێدراوە و کراوە دەبن پێویستە تەواوی مەرجە تەندروستییەکان جێبەجێ بکەن لە بەستنی دەمامک و دەستکێش و دروست نەکردنی قەرەباڵغی و پێویستە لە هەر شوێنێك مەودای نێوان دوو کەس لە (١,٥) مەتر کەمتر نەبێت.

**شەشەم :-** دوای راوێژکـردن لەگەڵ وەزیـری ئەوقـاف و کاروبـاری ئـایینی و وەزیـری تەندروسـتی و وەزیـری خوێنـدنی بـاڵا و تـوێژنەوەی زانسـتی و وەزیـری پەروەردە و یەکێتـی زانایـانی ئـایینی کوردستان و پارێزگـار و سەرپەرشـتیاری ئیـدارە سـەربەخۆکان ، مزگەوتەکـان و تەواوی شـوێنە ئایینیەکان و ناوەندەکانی خوێندن بە داخراوی دەمێننەوە.

**حەوتەم :-** ئـاڵوگۆڕی بازرگـانی بەپێـی ئەو رێنماییـانەی کە پێشـووتر بڕیاریـان لەسـەر دراوە بەردەوام دەبێت .

**هەشتەم :-** رێگەپێدان لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان وە لە ناو پارێزگا و ئیدارە سـەربەخۆکان بە پێی سیستەمی رێگەپێدانی ئەلیکترونی دەبێت کە لەسەر وێب سایتی وەزارەتـی نـاوخۆ بە نـاو نیشـانی (moi.gov.krd) دانـراوە و هـاووڵاتی دەتوانێـت لە حـاڵەتی زۆر پێویسـت داوای رێگەپێدان بکات بەپێی ئەو رێنماییانەی کە لەو سیستەمە دیاری کراوە.

**نـویەم :-** دەروازە سـنوورییەکانی (پەروێزخـان، باشـماخ، حـاجی ئـومەران، ابـراهیم خلیـل، سـەرزێری، سـەیران بەن، کێلـێ و تەوێـلە) و هەر دوو فرۆکەخـانەی نێـودەولەتی (هەولێـر و سـلێمانی) بە ڕووی گەشتیاران بە داخـراوی دەمێننەوە و هـیچ کەسێك بەبێ ڕەزامەنـدی وەزیـری نـاوخۆ رێـــگەی پـــێ نادرێـــت بگەرێـــتەوە هەرێمـــی کوردســـتان ئەگەر لە دەرەوەی وولات بێـــت و لە کـاتی گەرانەوەیـان لەو پارێزگـایە یـان ئیـدارە سـەبەخۆیەی کە لێـی نیشـتەجێ یە کەرەنتـین دەکرێـت و پێویسـتە لەسـەر ژووری ئۆپەراسـیونەکان کە ئەو هـاووڵاتیە لە سـنوری نیشـتەجێیە گشـت رێکـارە تەندروسـتی و ئەمنییەکـان بگـرێتەبەر بـۆ بـردنەوەی ئەو هاوڵاتیـانە لەو دەروازە سـنوورییەی کە لێـی هـاتوون بەمەبەسـتی کەرەنتـین کردنیـان بـۆ ئەو مـاوەیەی کە وەزارەتـی تەندروستی دیاری کردووە.

**دەیەم :-** ئەو هاووڵاتیانەی هەڵگری پاسپۆرتی عێراقین کە لە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتانن و بەهـۆی ئەو گەشتانە دەگەڕێنەوە کە لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە رێک دەخرێن، لە سەر ئەرکی خۆیان کەرەنتین دەکرێن، جگە لە:

١- قوتابیان کە بۆ مەبەستی خوێندن لە دەرەوە بوون.

٢- نەخۆشەکان کە پاڵپشتی نەخۆشخانەکانیان هەیە وبۆ مەبەسـتی وەرگرتنـی چارەسـەری گەشـتیان لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا کردبیت.

**یـانزەیەم :-** رێگەپێدانی کۆمپانیاکانی پەیوەندییەکان و کۆمپانیاکانی نەوت لە لایەن وەزارەتی نـاوخۆ / بەرێوبەرایەتی گشتی دیوان دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیانـدن و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان .

**دوانزەیەم :-** هەر کەسێك سەر بە هێزە ئەمنییەکان یان ئە و هێزانە ی راسپێردراون بە جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی سەرەوە کەمتەرخەمی بنوێنێت لە جێبەجێ کردنی برگەکانی ئەم بەیانە لە کاتی ئەرکدا ، یان پێشێلی بکات ئەگەر لە ئەرکدا نەبێت بە بەکار هێنانی ئوتۆمبێل یان ناسنامەی سەربازی ، و کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی ئەوانەی لە ئەرکدا نین بە پێی یاسا سزا دەدرێن.

**سیانزەیەم :-** هاتووچۆکردنی ئاژانس و ڕێکخراوەکانی (UN) وریکخراوە نێودەوڵەتیەکان وهاوپەیمانان و دیپلۆماتکاران ڕێگە پێدراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە رادەسپێردرێت بۆ ئاسانکاری و پێدانی ڕێگە پێدان بۆ هاتووچۆکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە نێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ JCC .

**چواردەیەم :-** ئەو هاووڵاتیانەی دانیشتوی هەرێمی کوردستانن و لە پارێزگاکانی عێراق گیریان خواردوە بە هۆی قەدەغەی هاتووچۆ ڕێگایان پێ دەدرێت بگەرێنەوە هەرێمی کوردستان بەمەرجێك پشکنینی ڤایروسی کورونایان بۆ بکرێت و تا دەرچوونی ئەنجامی پشکنین کەرەنتین دەکرێن لەو پارێزگایە یان ئیدارە سەربەخۆیەی کە لێی نیشتەجێیە.

**پانزدەیەم :-** ئاڵوگوری ئەو هێزە ئەمنیانەی کە لە پارێزگاکانی عێراق ئەرك دەبینن و دانیشتوی هەرێمن بەم میکانیزمەی خوارەوە دەبێت:

١- ناردنی لیستی ناوەکان بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بەر لە (٤٨) کاتژمێر لە دەست پێکردنی پروسەی گوڕینیان.

٢- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ناوەکان ڕەوانەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکات بە مەبەستی ڕێکخستنی میکانیزمی ئاڵوگوڕکردنیان .

٣- ئەو هێزانەی لە نێوان پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکان ئاڵوگوریان پێ دەکرێت ناوەکان ڕادەستی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ دەکرێت بەر لە ٢٤ کاتژمێر لە دەست پێ کردنی پرۆسەی گۆرینیان بە مەبەستی ناردنی بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ ڕێکخستنی میکانیزمی گوڕینیان.

**شانزدەیەم :-** ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٠٢٠/٥/١ جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٦٣٢٥ لە ٢٠٢٠/٥/٧**

**بەیانی ژمارە (٣٢) ساڵی ٢٠٢٠**
**قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوەی (دەنگی و روناکی) بەستراو لە ئۆتۆمبیل**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بەمەبەستی قەدەغەکردنی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە رێگەپێدراو نین بە بەکارهێنانی ئامێری ئاگادارکردنەوەی (دەنگی و روناکی) بەستراو لە ئۆتۆمبیلەکانیان بە گشت جۆرەکانیانەوە و کە دەبێتە هۆی دروستکردنی پشێوی و بێزارکردنی هاووڵاتیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی.بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە:

**ماددەی یەکەم :**
قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوەی (دەنگی و روناکی) بە هەموو جۆرەکانی (جگە لە دەزگا ئەمنی و دەزگا رێگەپێدراوەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ و ئۆتۆمبیلەکانی فریاکەوتن- ئەمبوڵانس)

**ماددەی دووەم :**
هەر ئۆتۆمبیلێک ئەم ئامێرە بەکاربهێنێت کە لە ماددەی یەکەمی سەرەوە هاتووە دەستی بەسەردا دەگیرێت بۆ ماوە (١) یەک هەفتە لە گەراجی تایبەت بە دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیل لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

**ماددەی سێیەم :**
ئۆتۆمبیلی دەستبەسەرداگیراو بە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا یەک ملیۆن دینار وەک سزای سەرپێچی کردن لێ وەردەگیرێت و پێویستە پاکانەی تەواوی سزا سەرپێچییەکانی کە لەسەر ئۆتۆمبیلەکە بووە ببژێرێت.

**ماددەی چوارەم :**
لە کاتی دووبارەبەکارهێنانەوەی ئەم ئامێرانە کە لە ماددەی (پێنجەم) هاتووە ئەوا بە بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا دوو ملیۆن دینار سزا دەدرێت.

**ماددەی پێنجەم :**
ئەم بەیانە لەڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٦٣٢٦ لە ٢٠٢٠/٥/٧**

**بەیانی ژمارە (٣٣) ساڵی ٢٠٢٠**
**فراوان کردنی حەرەمی گوندی کەماڵانی خواروو**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٠/٢٤٧١ لە ٢٠٢٠/٢/٢٣) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٠ و و ڕێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموار کراو و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوان کردنی حەرەمی گوندی **(کەماڵانی خواروو)** و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری ناحیەی تانجەرۆ – قەزای ناوەندی – پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (٠٠ ، ٢١ ، ٢) دوو دۆنم و بیست و یەک ئۆلک لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (٧٢/١٧ ، ٧٢/١٠ )لە کەرتی (٢٩) کەماڵانی سەروو و خواروو وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٦٤٤٨ لە ٢٠٢٠/٥/١٠**

**بەیانی ژمارە (٣٤) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیـــانی ژمـــارە (٣,٥,٦,٨,١٠,١١,١٢,١٣,١٤,١٥,١٦,١٧,١٨,١٩,٢٠,٢١,٢٢,٢٣,٢٤,٢٥,٢٦,٢٧,٢٨,٢٩,٣١)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و دوای وەرگرتنی پێشنیار و تێبینیەکانی پارێزگـــار و سەپەرشـــتیاری ئیـــدارە ســـەربەخۆکان و کۆبـــوونەوەی لیـــژنەی بـــاڵای وەزاری بەرەنگـاربوونەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا و پاڵپشـت بە نوسـراوی وەزارەتـی تەندروسـتی حکـومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤٧١٤) لە ٢٠٢٠/٤/٣٠ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم**:- قەدەغەی هـاتووچۆ لە نێـوان پارێزگاکـانی هەولێـر و سلێمانی و دهـۆک و هەڵەبـجە و ئیـدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیـان بەردەوام دەبێـت لـە ٢٠٢٠/٥/١١ تـا ٢٠٢٠/٥/١٨ کـاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەو

**دووەم**:-

١- قەدەغەی هاتووچۆ لە نێوان هەرێم و پارێزگاکانی عێراق بەردەوام دەبێت، و ئەو هاووڵاتیـانەی دانیشـتوی هەرێمـی کوردسـتانن و لە پارێزگاکـانی عێـراق گیریـان خـواردوە بە هـۆی قەدەغەی هاتووچۆ ڕێگایان پێ دەدرێـت بگەڕێـنەوە هەرێمـی کوردسـتان بەمەرجێـك پشـکنینی ڤایروسـی کۆرۆنایان بۆ بکرێـت و تـا دەرچـوونی ئەنجـامی پشـکنین کەرەنتـین دەکـرێن لەو پارێزگـایە یـان ئیدارە سەربەخۆیەی کە لێی نیشتەجێیە.

٢- ئاســانکاری دەکرێــت بــۆ ئەو هاوڵاتیــانەی کە فەرمــانبەری حکــومین لە پارێزگاکــانی (موصــل ، کەرکوك، دیالە) کە هاوسنورێن لەگەڵ هەرێمی کوردستان و نیشتەجێی هەرێمی کوردسـتانن و بە پـێچەوانەوە بە مەبەسـتی هـاتووچۆکردنی ڕۆژانەیـان لە نێـوان شـوێنی کـارکردن و نیشـتەجێ بوونیان بە ڕەچاوکردنی ڕێنمـاییە تەندروسـتیەکان ، بە مەرجێـك هەفتـانە پشـکنینی کۆرۆنـا لەو پارێزگـایە کە لێـی فەرمـانبەرن ئەنجـام بـدەن و ناسـنامەی کـارکردنی لە فەرمـانگە حکومییەکـان هەلگرن.

**سێیەم**:- دەسەڵات دەدرێت بە پارێزگار و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەسـتی ڕێگەپێـدان بە کردنەوەی شوێنی خزمەت گوزاری بە پێی مەرج و ڕێنماییە تەندروستیەکان.

**چوارەم**:- هەمـوو ئەو شـوێنانە کە ڕەزامەنـدی کارکردنییـان پێـدراوە و کـراوە دەبـن پێویسـتە تەواوی مەرجە تەندروستییەکان جێ بەجێ بکەن لە بەستنی دەمامک و دەستکێش و دروسـت نەکردنـی قەرەباڵغی و پێویستە لە هەر شوێنێك مەودای نێوان دوو کەس لە (١,٥) مەتر کەمتر نەبێت.

**پێنجەم**:- ئاڵوگۆری ئەو هێزە ئەمنیانەی کە لە پارێزگاکانی عێراق ئەرك دەبینن و دانیشتوی هەرێمن بەم میکانیزمەی خوارەوە دەبێت:

١- ناردنی لیستی ناوەکان بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا بەر لە (٤٨) کاتژمێر لە دەست پێکردنی پروسەی گورینیان.

٢- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ناوەکان رەوانەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەکات بە مەبەستی رێکخستنی میکانیزمی ئاڵوگۆرکردنیان .

٣- ئەو هێزانەی لە نێوان پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکان ئاڵوگوریان پێ دەکرێت ناوەکان ڕادەستی وزارەتی ناوخۆ دەکرێت بەر لە ٢٤ کاتژمێر لە دەست پێ کردنی پرۆسەی گۆرینیان بە مەبەستی رێکخستنی میکانیزمی گورینیان.

**شەشەم**:- ئالۆگوری بازرگانی بەپێی ئەو رێنماییانەی کە پێشووتر بڕیاریان لەسەر دراوە بەردەوام دەبێت

**حەفتەم**:- رێگەپێدان لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە پێی سیستەمی رێگەپێدانی ئەلیکترونی بەردەوام دەبێت کە لەسەر وێب سایتی وەزارەتی ناوخۆ بە ناو نیشانی (moi.gov.krd) دانراوە و هاوڵاتی دەتوانێت لە حاڵەتی زۆر پێویست و مەبەستەکانی دەوام کردنی فەرمانبەران داوای رێگەپێدان بکەن بە پێی ئەو رێنماییانەی کە لەو سیستەمە دیاری کراوە، و پێویستە لەسەر پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان ئاسانکاری بکەن بۆ هاتووچۆی هاوڵاتیان لە بازگەکان.

**هەشتەم**:- هاتووچۆکردنی ئاژانس و رێکخراوەکانی (UN) و رێکخراوە نێودەولەتیەکان و هاوپەیمانان و دیپلۆماتکاران رێگە پێدراوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە رادەسپێردرێت بۆ ئاسانکاری و پێدانی رێگە پێدان بۆ هاتووچۆکردنی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە نێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ JCC.

**نۆیەم**:- دەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان، باشماخ، حاجی ئومەران، ابراهیم خلیل، سەرزێری، سەیران بەن، کێلێ، تەوێلە، پشتە و شوشمێ) و هەر دوو فرۆکەخانەی نیودەولەتی (هەولێر و سلێمانی) بە ڕووی گەشتیاران بە داخراوی دەمێننەوە و هیچ کەسێك بە بێ ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ رێگەی پێ نادرێت بگەرێتەوە هەرێمی کوردستان ئەگەر لە دەرەوەی ووڵات بێت و لە کاتی گەرانەوەیان لەو پارێزگایە یان ئیدارە سەربەخۆیەی کە لێی نیشتەجێیە کەرەنتین دەکرێت و پێویستە لەسەر ژووری ئۆپەراسیونەکان کە ئەو هاوڵاتیە لە سنوری نیشتەجێیە گشت رێکارە تەندروستی و ئەمنییەکان بگرێتەبەر بۆ بردنەوەی ئەو هاوڵاتیانە لەو دەروازە سنورییەی کە لێی هاتوون بە مەبەستی کەرەنتین کردنیان بۆ ئەو ماوەیەی کە وەزارەتی تەندروستی دیاری کردووە.

**دەیەم**:- بەدەر لە برگەی (نۆیەم)ی سەرەوە:

١- دەروازەی سنوری (ابراهیم خلیل) ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە بە ڕووی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرێتەوە لەکاتژمێر (٨:٠٠)ی بەیانی تا (١٢:٠٠)ی شەو بە مەبەستی گەرانەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کە لە وولاتی تورکیا گیریان خواردووە بە هۆی داخستنی دەروازە سنوورییەکان، و هاولاتیانی پارێزگاکانی عێراق ڕاستەوخۆ رەوانەی سنوری پارێزگای موصل دەکرێنەوە.

٢- هەر دوو دەروازەی سنوری (حاجی ئومەران و باشماخ) ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە بە ڕووی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە لە کاتژمێر (٨:٠٠)ی بەیانی تا (١٢:٠٠)ی شەو بەمەبەستی گەرانەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کە لە کۆماری ئیسلامی ئێران گیریان خواردووە بەهۆی داخستنی دەروازە سنوورییەکان.

٣- پێویستە لەسەر دەروازە سنورییەکانی سەرەوە لیستی ناوەکان پێش (٢٤) کاتژمێر لەکردنەوەی دەروازە سنورییەکان رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ بکەن بەمەبەستی رێکخستنی رێگەپێدان بۆ ئەو هاولاتیانە.

**یازدەیەم**:-

١- ئەو کەسە بیانیانەی کە وەك ماموستا لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکوکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەن رێگایان پێ دەدرێت بگەرێنەوە هەرێمی کوردستان بە مەرجێك نشینگەی هەرێمی کوردستانیان هەبێت و وەزارەتی پەیوەندیدار پشتگیریان بکات.

٢- وەبەرهێنەرانی بیانی و بازرگانان و فەرمانبەرانی بیانی بانکەکان رێگەیان پێ دەدرێت بگەرێنەوە هەرێمی کوردستان بە هەمان مەرجەکانی برگەی (١)ی سەرەوە.

**دەوازدەیەم**:-

١- ئەو هاولاتیانەی هەڵگری پاسپۆرتی عیراقین کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و بە هۆی ئەو گەشتانە دەگەڕێنەوە کە لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە رێک دەخرێن لە هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی و ئەوانەی لە دەروازە سنورییەکانی (ابراهیم خلیل و حاجی ئومەران و باشماخ) دەگەرێنەوە بە پێی ئەو رێکارانەی کە لەم بەیانە دیاری کراوە سەر ئەرکی خۆیان کەرەنتین دەکرێن جگە لە:

أ- قوتابیان کە بۆ مەبەستی خوێندن لە دەرەوە بوون.

ب- نەخۆشەکان کە پاڵپشتی نەخۆشخانەکانیان هەیە و بۆ مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری گەشتیان لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا کردبێت.

٢- ئەو هاووڵاتیە بیانیانەی کە بەپێی ئەو رێکارانەی لەم بەیانە دیاری کراوە لە رێگای فرۆکەخانەکانی هەرێم یان دەروازەی سنوری ابراهیم خلیل دەگەرێنەوە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەرکی خۆیان کەرەنتین دەکرێن.

**سیانزدەیەم**:- ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٠٢٠/٥/١٠ جێبەجێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٦٩٧٩ لە ٢٠٢٠/٥/١٨**

**بەیانی ژمارە (٣٥) ساڵی ٢٠٢٠**

دوابەدوای بەیــانی ژمــارە(٣،٥،٦،٨،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،١٥،١٦،١٧،١٨،١٩،٢٠،٢١،٢٢،٢٣،٢٤،٢٥،٢٦،٢٧،٢٨،٢٩،٣١،٣٤)ی تـایبەت بە ڕێگـری کـردن لە بڵاوبـوونەوەی ڤایروسـی (کۆرۆنـا) و پاڵپشـت بە نوسـراوی وەزارەتـی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤٧١٤) لە ٢٠٢٠/٤/٣٠ و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ،بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم**:- درێژکردنەوەی کارکردن بە بەیانی ژمارە (٣٤) تا یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیروز.

**دووەم**:- ڕاگرتنی هاتووچۆ بە شێوەیەکی تەواو لە گشت پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهوك و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەرین و گەرمیان و گشت یەکە کارگێرییەکانیان بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر لە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیروز ، و هەر کەسێك سەرپێچی بکات بە پێی بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ سزا دەدرێت.

**سێیەم**:- گشت مارکێتەکان و نانەواخانەکان و ئەو شوێنانەی کە پێشتر بۆ خزمەتی هاوڵاتیان ڕێگەپێدراون بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر لە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیروز دادەخرێن ، جگە لە دەرمانخانەی ئیشکگر کراوە دەبێت.

**چوارەم**:- ڕێگە دەدرێت بە هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێلی هێزە ئەمنییەکان و تیمە تەندروستیەکان و ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس ئەوانەی لە ئەرکی فەرمیدان.

**پێنجەم**:- قەدەغەی هاتووچۆ لە نێوان هەرێم و پارێزگاکانی عێراق لە ٢٠٢٠/٥/٢٠ تا ٢٠٢٠/٦/١ .

**شەشەم**:- ڕاگرتنی سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلیکترونی لە ٢٠٢٠/٥/٢٢ کاتژمێر (٣:٠٠)ی پاش نیوەڕۆ تا ٢٠٢٠/٥/٢٧ کاتژمێر (٨:٠٠)ی بەیانی.

**حەفتەم**:- دەروازە سنورییەکانی (پەروێزخان، باشماخ، حاجی ئومەران، ابراهیم خلیل، سەرزێری، سەیران بەن، کێلێ، تەوێلە، پشتە و شوشمێ) و هەر دوو فرۆکەخانەی نێودەولەتی (هەولێر و سلێمانی) بە ڕووی گەشتیاران دادەخرێت تا ٢٠٢٠/٦/١.

**هەشتەم**:- ئالۆگورکردنی بازرگانی لە دەروازە سنورییەکان و نیوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەردەوام دەبێت بە پێی ئەو ڕێنماییانانەی کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە.

**نۆیەم**:- ژووری ئۆپەراسیونەکان لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ڕێکاری پێویست دەگرنەبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەیانە.

**دەیەم**:- ئەم بەیانە لە کاتژمێر (١٢:٠٠)ی شەوی ٢٠٢٠/٥/١٨ جێبەجێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**